## بزە و گریاننامەکەی فاروقی مەلا مستەفا!؟ .. شنیار کۆیی

ژمارە 240 ی رۆژی 2005/9/7 ی هاولاتیم بەرچاو کەوت ئەو لیقائەم بینی کە لە تەك سەرمایەداری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سازکرابوو، کە هاوولاتیش بە جوانی هەم لە سەحیفەی یەکەم و هەم سێهەم بۆی نقلْ کردبوو، کۆگەلی قسەکانی ئەم پیاوە تورەیە کە نەهەنگ ئاسا تێر بوونی بۆ نییە، وای دەر ئەخات کە بێ لایەنەو یەکێتی پشتیوانکاری ساناتێلەو ئەمیش فەقیر فەقیر خەریکە گورگانە خواردوو ئەکرێت، کۆرەکیش لە هەولێر پارتی دیموکراتی کوردستانی لە پشتە، لەکاتێکدا بۆ ئەم کارە هاوبەشەی کە کراوە لەنێوان کۆمپانیاکەی هەولێروئەوەکەی سلێمانی (ساناسێل) کاك فارووق رەنگی پێ نەماوەو کوردەواری ووتەنی کێچ لە کەولْی ئەگەرێ، هیستریانە دەیەوێت خۆی پاك بکاتەوە لە یەکێتی و سانا تۆمەتبار ئەکات کە گوایە 40% ی هی یەکێتیەو هەر بۆیە یەکێتیش پشتگیری ئەکات، شەرمیش ناکات ئەلْێ لە ئاسیا هەندێ کەسی ناو یەکێتی بەشیان هەیە دیارە وەکو هێرۆ خان و ئاراسی شێخ جەنگی برازای سەرۆك کۆمارو د. لەتیف هەرچەن هەر بەرێوە نیوەی ئاسیایان بەخشی بە عەرەبەکانی کوەیت و ئەم کۆمپانیا بەناو کوردیە حەقە هەر زاتی ئەوەنەکات بلْێ من کوردیم چونکە لە لایەك ناوەکەی عەرەبێنراوە (اسیاسیل) لەلایەکی تر مۆزەفە بارزەکانیشیان هەر عەرەبن، ئەوەی کوردەو لەناویاندا شەڕەکانی پێ ئەکەن کاك فارووقی سەرۆکی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی ئاسیایە، تۆسەیری ئەم پۆست و ناونیشانە دوورو درێژە کە بەعەرەبیەکەی (مدیر الادارە) یە، کە شێت وهار بووە لەوەی کە شوکوربۆ خوا سانا لە پەنا گوێیدا لە گەشەدایەو وەکو قارچکی بەهارە تا بێت جوانتر و وەکو چناریش تابێ بالاْ بەرزتر ئەبێت و ئەگەریش سانا نەبوایە کاك فارووق ئێستا ئاسیای هەر بە 500$ پێ ئەفرۆشتین.

ئەم لەف و دەوران و بەدرانەی کاك فارووق ئەبێ چی بێت کە وا خۆی دەر ئەخات مەنکوبەو لە داواکارییەکی گریاننامەییدا داوا ئاراستەی سەرۆکی هەرێم ئەکات بۆ چارەسەر، وامان زانی هەست بە لێپرسراوێتی ئەکەیت و بۆ کێشەیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی وەکو دەستوورو کەرکوك و ئایندەی کورد داوای چارەسەر ئەکەیت، نەك بۆ چەند دۆلارێك، بزەکانت بە گریانەوەلە هاوولاتی سەدان تەفسیریان هەیە، تۆ پار چەنەلْەکانی بازیانی ساناسێلت بەچەکەوە نەهێنایە خوارو مەفرەزەت بۆ نەناردن و یەکێتیش پشتی گرتیت؟ خۆ مەفرەزەکان پارتی نەبوون، موهەندیسەکەی تەکیشیان وەکو چاوساغ کۆرەکی نەبوو، موچەخۆری تۆ بوو کاك فارووق، تۆ خەو بەداخستنی ساناوە ئەبینی تۆ لە سەدان جەولەی شەری براکوژیدا کە هەزاران رۆلْەی کورد خوێنیان رژا خۆت وەك فریشتەی ئاشتی دائەناو وەتەنیاتت ئەفرۆشت گوایە نەتەوەییەکی موحەسەنیت، شکستی خەونی شوعیەتت بە سەرمایەی ئێستات ئاو ئەدەیت و دەتەوێت وای دەربخەیت کە هەیت و هەموو عالەم ئەتناسن، ئێستاوەکو زانیبێتم کە کۆرەك و سانا رێککەوتوون، هەنگاوی یەکەمی تەوحیدی ئیداراتە کەچی تۆ ئاگر لە قەلب و کەپوت بەربووە چونکە بۆ پارەو بەرژەوەندیەکانی خۆتە خێرا رائەپەری و ئەیکەیتە هەلاو زەناو بانگی پەیامنێرەکەی هاوولاتی ئەکەیت و هەر حەریق و ئیسعاف ماوە بانگیان بکەیت.

حەز ئەکەم بزانیت تۆ ئەوەندە مەحبوب نیت لای خەلْك ئەگەر دەسەلاْت و یەکێتی نەبێت تۆ چیت؟ ئەو دەسەلاْتەی کە سوکایەتیان پێ ئەکەیت و فی فیت بە قسەکانیان دێت، وەك خۆت شەوێك لە کۆمەلاْیەتی ووتبووت کام مەسئولەم بوێت ئەیکرم، ئێ دەسەلاْتیش یەعنی

مەسئول، ئەشهەدوو بابی بابم وەهایە، تۆ هەموشیان نەبێت خۆ نیوەیانت کری، ئافەرین بۆ حیزبێکی سوسیال دیموکراتی وەکو یەکێتی نیشتیمانی کە کۆنە شیوعیەك ئاوا گۆڵمەزی پێ ئەکات و ئەیکاتە پەند، ئێمە لە ناوزەنگ و زەڵێ و ناوشاخانەوە بیهێننی و کاکە فارووقیش ئەو مێژوەمان کەسیف بکاو بیخواو دەرخواردی حەزەکانی بکات، ئەی کورەکەی نەی ووتبوو لەگەڵ بورتوقالە رام بواردوە لە دوبەی شەوی بە 40 وەرەقە!!! ئێمەی پێشمەرگەی کۆنیش بۆ زیبالەکە، ئەوەش بۆ عالەمی ئاشکراینە کە ئەوەندەش جێ متمانە نیت نە لای دەسەڵاتی سیاسی و نە لەلای ئەو موشتەریکانەی مۆبایلەکەت کە بە سانیە فورسەتیان لێ دێنیت بۆ دزینی سەنتەکانیان، بە نرخی دەواجن!! کە سیش نیە بلێ بۆ وا ئەکەیت، ناڵێم مافیا چونکە داهێنانی تۆ گەلێك خاریق ترە لە کردەوەی مافیایی، بەداخەوە ئەم کارانەی تۆ زیانی زۆریش ئەگەیەنێت لەو خەباتە پاکەی رابردووی یەکێتی نیشتمانی و بگرە سوکایەتیشە بە خوێنی شەهیدە رۆح بڵندەکان چونکە تۆ مەحسوبیت لای یەکێتی و کۆرەکیش لای پارتی، باشترە هەم تۆ حساب لۆ خۆت بکەیتن و هەم یەکێتیش لەو پێراکێشیە بپرسێتەوە کە ناکرێتن ئیدی خەڵك بە بۆنەی مۆبایلەکانی ئێوەوە گلەیی لە کورد وحیزبەکان و ئیدارەی کوردی بکەن کە بەجارێك ناخۆشتان کرد،

مەسئولەکانت کری، کارگەی چیمەنتۆت کری، شوقەقی سەکەنی دروست ئەکەیت، هەرچی ئەرزەی سلێمانی هەیە لوشتدا، ئێستەش شانۆگەری دروستکردنی جوان سەنتەر بە تۆ ئەکەن و دەتەوێت 26 نهۆمی دروست بکەیتن، ئاخر دەسەڵات نەبێت تۆ ئەتوانی لە و وەسەتەی شاردا ئەو هەموو ئەرزە بکەیتە مەشروعێکی ئاوا گەورەو عومەر فەتاحیش بانگ بکەیت بۆ ئیفتیتاح!! دەسەڵات نەبێتن تۆ ئەتوانیت ئاوا لاقت راکێشیت، تۆ مزگەوتەکانیشت تێپەراندو تەجاوەزیشتکرد بەهەوەسی. . . . !! کەس پێی نەوتیت لۆ؟ تۆ بینا زەبەلاحەکەی خۆتت بینیوە لە شارێی سالم کە چۆن دە مەتر زیاتر هاتۆتە پێش و مزگەوتەکەشی وەك ماراسۆن تێپەراندوەو کاك حاکم قادریش فزرە ناکات؟ حاکمیش جورئەتی نییە ئەگەر یەك تۆزقاڵ جورئەتی هەبایە رێگەی بەو زیادەرەویە نەئەدا چونکە ئەم حاکمە بۆ زیادکردنی پلەی پلەکانەیەك لە کانی کوردە دەیان خانووی هەژار ئەروخێنێت، بەڵام تۆ قەیناکا کوری مامەیت؟! چونکە بە فەردە دۆلاریان بۆ ئەبات، زانیت ئەو شەوە بەرنامەکەی ئیتجاهی موعاکسیش باسیان کردن، لە بەر دوانی وەکو تۆ حەیای کوردیان برد، ئەی نەیانگووت کوردی چی ئەوان دوو مۆبایلیان هەیە رێك ناکەون باسی چ دەکەن، مۆبایلەکانی سلێمانی و هەولێر کە ئیش ناکەن بەیەکەوە، دوو ساڵە سانا لە پەنای گوێتایە گوێ، داوای رەبتت لێ ئەکات بۆ نایەیتە پێشەوە، با سەروەریەك تۆمار بکەیت بۆ خەڵك و ئەوەندەش پێویست ناکات خۆت سەخڵەت بکەیت و بپارێیتەوە لەم و ئەو بۆ مۆبایل، کە بایی بیست سەنت عومرو وەحدەت ماوە سەرفی بکەیت، خۆ تۆ ئەوەندە موحتاج نیت ئەی ئەگەر لە سوید بویتایە چیت ئەکرد، کە مەجال بەو جۆرە هەڵپە خێڵەکیانە هەرگیز نادرێت، چونکە یاسای بیزنس هەیە نەك یاسای جەنگەڵستان، ئەخیرەن تۆ بە موجامەلەی خەڵك و هەندێ ماستاوچی و مەسڵەحچی گەورە بوویت و شتی تریش ماوە پێت بکەن، ئەوەش موستەقبەلی نیەو رۆژێك هەر ئەوانە حسابی یەك سەنتت بۆ ناکەن، وە ئێمە لە دوورەوە ئەو شەرە ناشیرینانەی ئێوە زۆر بە ناشیرینتر ئەبینین.

شنیار کۆیی. ستۆکهۆڵم
Shinyar_2005@yahoo. com